# خۆپیشاندانو شەقی دیموکراسی

ئیدریس عەلی

ئیدی ئاستی رۆشنبیریو تەوەقعی خەڵکی کوردستان بەتایبەت توێژی فەرمانبەرو خوێندکاران چۆتەسەرێو رەنگە چیدی ئەوە بەهانە سادەو ساکارانە قبوڵ نەکرێت کەحکومەتو دەسەڵات پێشتر وەڵامی داخوازیو نارەزایەتیەکانی پێدەدایەوەو خەڵکی پێ بێدەنگ دەکرد، راستە ئەوکات هەلومەرجە ئابوریو سیاسیەکان بەجۆرێك بوون کە خەڵك رازی بوون بەو بەهانانە بەڵام ئێستا ئیدی سەردەمێکی ترەو زۆربەی هاوکێشەکان گۆڕاونو بڕواناکەم خەڵك هەروا وەك جاران سەری بەڵێ بەدرۆوە بلەقێنێو دەست لەسەر سنگ بەپێوە بووەستێ بۆ فەرمایشتەکانی حزبو حکومەت.
ماوەیەکە بەتایبەت لەنێو توێژی خوێنکارانو ناوەندی زانکۆدا بزوتنەوەی نارەزایەتی سەری هەڵداوەو خوێنکاران بۆ بەدەست هێنانی مافە بەرهەقو داخوازیە رەواکانیان ریزێکی یەکدەستیان بەستووەو بۆ جێبەجێ کردنی مافو داخوازیەکانیان دەستیان داوەتە خۆپیشاندان، تائەو شوێنەی کەئەم خۆپیشاندانانە چەند رەواییان هەیە ئەمە هیچ قسەیەکی لەسەر نییە چونکە ئەو خوێنکارانە داوایەکی ئەوتۆیان بەرز نەکردۆتەوە کە قابیلی جێبەجێ کردن نەبێت. ئاخر ئەوان وەك هەر مرۆڤێك لەم ژیانەدا پێویستیان بەئاوو کارەباو خزمەتگوزاری ئینسانییە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی تەندروست بتوانن ساڵانی خوێندن تەواو بکەنو ببنە خاوەن بڕوا نامە.. کێ دەزانی دایكو باوکی ئەو خوێنکارانە چەند دەریا عارەقەیان رشتووە بۆ گەورەکردنی رۆڵەکانیان؟ ئەبێ چەند دەریا ئاواتو خۆزگەیان بوبێت تا رۆڵەکانیان بەکوێرەوەری گەورەبکەنو ببنە خاوەن بڕوانامەی بەرزی زانکۆ یان پەیمانگایەك؟ ئاخۆ خودی ئەو خوێنکارانە هەتا گەیشتوونەتە پلەی زانکۆ چەند شەو بەبێ شێوو ئاوو رووناکی رۆژیان کردبێتەوە؟ چەند جار دەستی تەزیویان بەباخەڵی خاڵیدا کردبێتو هەناسەی قوڵیان هەڵکێشابێ؟ ئاخۆ ئەبێ چەند ئێوارە بەدڵی شکاوەوە بەرەو ژورە ساردو سڕەکانی بەشی ناوخۆیی گەڕابێتنەوە و تابەیانی لەژێر پەتوی ترسو لەرزدا خەونی ناخۆشیان بەئایندەوە دیبێ؟ ئەمانە کۆمەڵێك پرسیارو گومانن مەگەر تەنها خودی ئەو خوێنکارانە خۆیان وەڵام بدەنەوە کەئازارەکەیان بەرۆحدا وەك پشکۆ چزاوە.
بەڵام وەڵامی دیموکراسیانەی هێزەکانی ئاسایشو حکومەت بەم داخوازیانەی خوێنکارانو خۆپیشاندانەکانیان چاوسورکردنەوەو لێدانو گرتنە .. لەکاتێکدا هەیچ لایەنێك ئەوەندەی ئەمان ئیدعای دیموکراسیەتو مەدەنیەتو ئازادی تاك ناکات! ئاخر هەر ئەم هۆکارو مامەڵە ناشارستانیانەیە کە لاوو خوێنکاری ئەم وڵاتەی دووچاری رەشبینی کردووەو هیچ ئومێدێکیان بەژیان نەماوەو پلەی ئینتمایان دابەزیوە بۆ ئاستی سفر ! ئەمەیە ئەو هۆکارانەی کەچاوی لاوو خوێنکاری ئەم وڵاتە دەکاتەوەو لەرۆژانی دەنگداندا بەکۆمەڵ لەبری سندوقەکانی دەنگدان دەچنە سەر چنارو مەی دەخۆنەوە ( بەخۆشی شەقی دیموکراسی).